حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی-کۆلیجی کارگێڕی

بەشی تەکنیکی میدیا- ماستەر

# پێگەی مۆبوجۆرناڵ

# لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا

ئەم لێتوێژینەوەیە وەك بەشێك لە پێداویستی خوێندنی ماستەر لەزانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی-کۆلێژی کارگێری-بەشی تەکنیکی میدیا بەسەرپەرشتی: ( پ.ی.د.شێرکۆ جەبار محمد )بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ پێشکەش کراوە.

بەناز رەسول حمەامین

( بەناز کوێستانی )

# پوختە

دەرکەوتنی چەمکی (مۆجۆ)(MOJO)و پشت بەستنی دەزگاو ئاژانسە میدیاییەکان بەهەواڵو زانیارییەکانی ئەم داهێنانە خۆرسکە کەخۆی کردووە بەدونیای میدیاو گەیاندنو زانیاریەکاندا، وایکردووە کەرۆڵیان هەبێت لەگۆرانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریو تەندروستی..هتدو گەیاندنی هەواڵو زانیارییەکان، بەهۆی خێرایی گەیاندنو کەمی تێچوونوئاسانی بەکارهێنان، هەروەها گرنگی هەواڵو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو هەواڵو پەخشو رۆماڵکردنی بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتیو واڵە تایبەتەکانەوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆخستنەڕووی رۆڵی مۆجۆ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیو ودەرکەوتنی میدیای ژمارەیی، بەمەبەستی گەیشتن بەچەند دەرئەنجامێك، لەو بارەیەشەوە توێژەر ناونیشانی توێژینەوەکەی بە(پێگەی مۆبوجۆرناڵ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی)دا، پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە، بەسەر سێ بەشدا دابەشیکردوە: بەشی یەکەم تایبەتە بەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە کەخۆی دەبینێتەوە لە(کێشەو پرسیاری توێژینەوەکە- ئامانجی توێژینەوەکە- بایەخی توێژینەوەکە- گرنگی توێژینەوە-میتۆدی توێژینەوەکە- سنوری توێژینەوە-توێژینەوەکانی پێشوتر)، هەرچی بەشی دووەمە چەند بابەتێکی گرنگ دەخاتەڕوو، لەوانە (چەمكوناسینو مێژوو تایبەتمەندی مۆجۆ، چەمكو پێناسەی و تایبەتمەندیو رەگەزو پێکهاتەی هەواڵی تەلەفزیۆنی)، بەشی سێیەمیش تایبەتە (بەشیکارینامەو ئەرەنجامو راسپاردەو پێشنیازەکان).

**کلیلە وشەکان:** (مۆجۆ، بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی)

# پێڕست


| بابەتەكان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پوختە | ٢ |
| پێشەكی | ٥ |
| **بەشی یەكەم – میتۆدنامە** | |
| پێڕستی بەشی یەكەم | ٧ |
| كێشەی توێژینەوە | ٨ |
| گرنگی توێژینەوەكە | ٩ |
| ئامانجی توێژینەوەكە | ٩ |
| جۆرو ڕێبازی توێژینەوەكە | ١٠ |
| سنوری توێژینەوەكە | ١٠ |
| توێژینەوەكانی پێشوو | ١٠ |
| پێناسە و چەمك و زاراوەكان | ١٦ |
| **بەشی دووەم: باسی یەكەم** | |
| پێڕستی بەشی دووەم | ١٧ |
| گەشەو سەرهەڵدانی مۆبۆجۆرناڵ | ١٨ |
| چەمكو پێناسەی مۆبۆجۆرناڵ | ١٩ |
| تایبەتمەندییەكانی مۆبۆجۆرناڵ | ٢١ |
| ئامانجەكانی مۆجۆ | ٢٢ |
| **باسی دووەم** | |

| | |
|---|---|
| چەمکی هەواڵ | ٢٤ |
| پێناسەی هەواڵ | ٢٥ |
| ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ | ٢٦ |
| توخمە گرنگەکانی هەواڵی سەرکەوتوو | ٢٦ |
| تەکنیك‌و هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی بەسمارتفۆن | ٢٧ |
| کاربەرنامەکانی (Application)ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەبەرهەمهێنانی هەواڵدا | ٢٨ |
| **بەشی سێیەم: شیکارینامە** | |
| پێڕستی بەشی سێیەم | ٣٠ |
| پێگەی مۆبوجۆرناڵ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی | ٣١ |
| دەرەنجام | ٣٧ |
| ڕاسپاردەو پێشنیار | ٣٨ |
| **سەرچاوەکان** | ٣٩ |

## پێشەکی

بواری میدیایی، یەکێکە لەو بوارانەی لەژێر کاریگەریی شۆرشی تەکنەلۆژیای‌و پێشکەوتنی مۆبایل‌و سمارتفۆندا، دەستبەرداری شێوە کلاسیکیەکەی خۆی بووەو گۆرانکاری گەورەی کردو هەر زوو گۆرانکارییەکانی بواری مۆجۆ بەسەر کایەی میدیاییەوە دەرکەوت، هەروەها شۆرشی ئەپلیکەیشن‌و پلاتفۆرمەکانی سمارتفۆن، شێوازو رووخسارێکی نوێی بەکاری میدیایی بەخشی.

لە ١٢ساڵی رابردووە مۆجۆ(MOJO) دیارترین‌و نوێترین کاری میدیاییە لەجیهانداو بەردەوامیش گەشە دەکات‌و فراوانتر دەبێت‌و رۆژ بەرۆژ داهێنانی نوێی تیادا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش وایکردووە کەئاراستەیەکی نوێ بەکاری میدیایی لەهەموو جۆرەکانی میدیای کلاسیکی دروست بکات‌و ببێتە هۆی داهێنانی میدیای نوێ یان(مەلٹی میدیا)کەهەموو رەگەزەکانی میدیای کلاسیکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، هاوکات ئەو پرۆسە گەورەو پڕ خەرجییەی لەبەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی‌و (برۆدکاستینگ)ی بەرنامەیەك یان هەواڵێکدا سەرف دەکرا، مۆجۆ هەمووی لەیەك ئامێرو چەند ئەپڵیکەیشنێکدا کۆکردۆتەوەو ئەو پرۆسە ئاڵۆزەی بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵێك بەکار دەهات واسووك‌و ئاسان کردووە، کەپیشەسازی هەواڵی خێراترو ئاسانتر کردووە.

چۆن ڕۆژنامەنووسان‌و دەزگاو ئاژانسەکانی هەواڵ‌و مۆجۆ: بڕیار دەدەن کەکام هەواڵ بلاودەکەنەوە..بەگشتی هەواڵ یەکێکە لەژانرە هەر سەرەکی‌و گرنگەکان لەکاری میدیاییدا، لەگەڵ فراوان بوونی پانتایی زانیارییەکان، هەواڵەکان زیاتر دەبن‌و جەماوەریش زیاتر تامەزرۆی بیستن‌و بەدواداچونی هەواڵ دەبێت، ئەویش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کەجیهانگیری‌و شۆڕشی تەکنەلۆجیا هێناویێتیە ئاراوە، وایکردوە کەڕۆژانە زۆرترین رێژەی هەواڵ لەئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا بەرهەمبهێنرێ، بەتایبەتیش لەدەزگاکانی تەلەفزیۆن، ژانری هەواڵ لەناو ئەو جەنجاڵی‌و فرە کەناڵییەدا بەپێی ئاستی زانیارییەکانی ناو هەواڵ کێبڕکێ بکات.

میدیایی نوێ ڕۆڵێکی گرنگی لەگواستنەوەو بیناکردنی ڕووداو چیرۆکی ڕۆژنامەوانی دیوە، ئێستا میدیا تەقلیدییەکان پشت بەمیدیای نوێ دەبەستن، چونکە چیتر ناتوانێت پێشبڕکێ بکات لەگەڵ بڕێکی زۆر زانیاری بەردەست لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو پێگەئەلکترۆنییەکان، تەلەفزیۆنیش بەهەمان شێوە پشتی بەمیدیای ژمارەیی بەستو پەخشو کەناڵە ئاسمانیو تەنانەت ناوخۆیەکانیش پێگەی ئەلکترۆنییان هەیەو پەخشی راستەوخۆو بەرنامەو پرۆگرامەکانیان پەخش دەکەنەوە.

لیرەدا دەمانەوێت رۆڵی مۆجۆ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیو کاریگەریو رۆڵی مۆجۆ لەژووری هەواڵو گەیاندنو دروستکردنو بەرهەمهێنانی هەواڵدا بخەینە روو.چونکە هەواڵ ژانەرێکی سەرەکیو یەکێك لەپایە هەرە گرنگەکانی کاری میدیایە کەهاوڵاتیان پێشبرکێ دەکەن لەزانینو زانیاری لەو بوارە گرنگەدا.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

یەکەم: کێشەو پرسیاری توێژینەوە

دووەم: ئامانجی توێژینەوە

سێیەم: گرنگی و بایەخی توێژینەوە

چوارەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوە

پێنجەم: سنوری توێژینەوە

شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو

حەوتەم: پێناسەو چەمك و زاراوەکان

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەو پرسیاری توێژینەوە

مۆدێرنیتی چەمکی "مۆبۆجۆرناڵ" لەجیهانداو وەك دیاردەیەکی نوێ لەکۆمەڵگادا پێویستە گرنگی پێبدرێت، تیشك بخرێتە سەر ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەو ئەو ڕۆڵەی کەمۆجۆ دەیگێڕێت لەپەیوەندیکردن بەڕووداوەکانو ئامادەیی ئەو ئامێرە لەکاتو ساتی ڕووداوەکەو ڕۆماڵکردنی ڕاستەوخۆو پەخشکردن.

هەواڵ وەك ڕەگەزی سەرەکی گەیاندنی زانیارییەکان هەمیشە لەپێشینەی هەمووژانەرەکانی تری ڕۆژنامەنووسی بووە، ڕۆڵو کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەهەموو جۆرە راگەیاندنەکاندا بەتەقلیدیو میدیای نوێشەوە.

لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، گۆڕانکاریی ریشەیی بەسەر میدیاو ئامێرەکانی بەکارهێنانو گەیاندنی میدیاییدا هات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەی لەبواری تەکنەلۆژیو داهێنانی ئامێرەکانی گەیاندندا هات..هەروەها گەشەکردنی ئامێری کلاسیکی تەلەفۆن بۆ سمارتفۆن و بەستنەوەی بەتۆڕەکانی ئینتەرنێتو داهێنانی پلاتفۆرمەکانی دیزاینو مونتاجو وێنەگرتن کۆکردنەوەی لەو ئامێرە زیرەکەدا، خێرایو ئاسانی بەکارهێنانو کەمی تێچوون وایکرد کەگۆڕانکاری گەورە لەبواری میدیایی رووبدات، هەروەها زۆربوونی رووداوەکانو پێرانەگەیشتنی ستافی میدیایی پرۆفیشناڵ بەرووداو هەواڵو زانیاریەکان لەکاتی خۆیدا، دەرفەتێکی گەورەی بۆ مۆجۆ رەخساند کەببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بەرەو پێشەوەچوونی هەواڵی تەلەفزیۆنی.

#### پرسیارەکان بریتین لە:

١- ئایا تایەتمەندی مۆبۆجۆرناڵ چییە لەگەیاندنی هەواڵدا..؟

**٢- ڕۆڵیو گرنگی مۆجۆ چییە لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی..؟**

**٣- ئایا دەکرێت بەئامرازێکی تەواوکاری میدیای دابنرێ..؟ یان دەست دەگرێت بەسەر ژووری هەواڵی تەلەفزیۆن..؟**

## دووەم: ئامانجی توێژینەوە

**توێژەر، هەوڵیداوە، لەچوارچێوەی پێوەرە زانستییەکاندا چەند ئامانجێك لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەوە بخاتەڕوو، بەم شێوەیە:**

**١- دیارکردنی گرنگی ژانەرە هەواڵیانەی کەمۆجۆ پشتی پێ بەستوون لەکاتی ڕوماڵکردنی هەواڵ و ڕوداوەکاندا.**

**٢-زانینی ئەو پلاتفۆرمانەی لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی بەکاردێت.**

## سێیەم: گرنگیو بایەخی توێژینەوە

**زاراوەی "مۆبۆجۆرناڵ"(MOJO) بووە بەشێك لەڕاگەیاندنو پەیوەندی، لەئاستی مێژووییدا تازەیە لەدەرکەوتندایە گرنگی توێژینەوەکە:**

**گرنگی تیۆری: لەرووی زانستیەوە بۆتە پرسێکی سەردەمیانەو نوێیەو لەپرۆگرامی خوێندندا گرنگی پێ نەدراوە، بەمیدیایی مۆجۆ، یان میدیای ڤیدیۆ کلیپ یان مۆبۆجۆرناڵ یان سمارتفۆن یان مۆبایلی زیرەك ناو دەبرێت، بۆیە ئێمە ڕووبەڕووی تەقینەوەی زاراوەیەك دەبینەوە کەزەحمەتە بتوانین ئەدەبیاتەکەی دیاری بکەین، بەڵام لەبەرامبەر ئەم تێکەڵبوونەوەیە لەزاراوەکان بەیەکدەنگ تێبینی لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی"مۆجۆ" (MOJO) دەکەین، لەدەزگا گەورە جیهانیەکان، ئەو چەمکە زۆرترین پشتیوانی لێ دەکرێت.**

**گرنگی پراکتیکی: مۆجۆ وەك داهێنانێکی نوێو سەردەمیانە خۆی کردووە بەهەموو کایەکانی ژیانداو بەتایبەتیش لەبەرهەمهێنانی هەواڵ بەگشتیو هەواڵی تەلەفزیۆنی بەتایبەتی، بەهۆی ئاسانیو خێراییو کەمی تێچوونو ئامادەبوونی لەکاتی ڕووداوەکاندا.**

## چوارەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەئامانجی توێژینەوەکەدا هەیە، توێژەر جۆری توێژینەوەی وەسفی بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی **text analysis** بەکارهێناوە بۆ شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی ئەو بابەتو سەرچاوانەی کەلەسەر بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیو رۆڵی مۆجۆ باسکراوە، هەڵبژاردنی جۆری ئەم میتۆدەش بۆ ئەوەیە کەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆك شێوازێکە لەشێوازەکانی توێژینەوەی زانستی لەبواری زانستی ڕاگەیاندندا.

## پێنجەم: سنوری توێژینەوە

+سنوری شوێن: سنوری توێژینەوەکە شاری سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

+سنوری کات: توێژینەوەکە لە ٢٠٢١/٤/٢٠ دەستیپێکردوە و لە ١٥ / ٢٠٢١/٦ کۆتایی پێ هاتووە.

+سنوری بابەت: (پێگەی مۆبۆجۆرناڵ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا)

## شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو

١- توێژەران: (**بلوصيف، الطيب، بوعون، احمد**)، بەناونیشانی: **استخدام تطبيقات صحافة الموبايل Mojo و تأثيراتها علي الأداء الإعلامي في الجزائر، دراسة ميدانية بإذاعة سطيف الجهوية، ٢٠٢٠**) گۆڤاری (**التنمية الموارد البشرية**)ژمارە١١ی ٣٠ نۆڤمبری ٢٠٢٠،ص ٤٢٤-٤٤٠) لەزانکۆی (**جامعة محمد لمين دباغين سطيف**) لەجەزائیر، بلاوکراوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە مامەڵە لەگەڵ بەرنامە ڕۆژنامەوانییە نوێیەکان دەکات کەپشت بەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك دەبەستن بەپێی ئەو پرۆگرامە تیۆری و کارپێکراوەی کەتێیدا پیشەوەری ڕاگەیاندن شاهیدی زیادبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەكو میدیای جۆراوجۆرو بەکارهێنانی میدیای نوێو ناوەڕۆکی بینراوی دەنگییە، یەکێکە لەفۆرمە گرنگەکانی پەیامە میدیاییەکانو بەربڵاوترینیان لەڕێگەی پلاتفۆرمی میدیای ئەلیکترۆنیو ئەپلیکەیشنەکان، بەرنامەو مۆدێلی جۆراوجۆر کەڕۆژنامەگەری مۆبایل لەبواری کاری ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەکاریدەهێنن، ئەم توێژینەوەیە بەرێگای میتۆدی وەصفیو شیکردنەوە بۆ ڕاستی دەق ئەنجام دراوە، شیکاری بۆ دەرخستی ئەم پیشە نوێیە

لەجیهانو لەڕاستیدا میدیای جەزائیر چەند بەرجەستەكراوی ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەڕادیۆی هەرێمی سێتیف وەك مۆدێلێك بۆ ڕادیۆی جەزائیری ناوخۆیی پێشكەش دەكات .

ئەم لێكۆڵینەوەیە بەئامانجی ناساندنی ڕۆڵی بەرنامە بەكاربەرەكانی سمارتفۆن وەك سەرچاوەی زانیاری لەڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانی جەزائیرەوە، گرنگترینیان بۆ زانینی هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلو بەرچاوترین ستاندارده پیشەییەكان و یاسادانان و ئەخلاقیاتی بەكارهاتوو تێیدا، لەسەر بنەمای بەرنامەی فۆرمی ڕاپرسی، لەسەر ڕۆژنامەنووسی جەزائری بەكارهێنانی (راپرسی) وەك ئامرازێكی لێكۆڵینەوەكە.

٢-توێژەران(José Manuel Pérez Tornero and Santiago Tejedor) بەناونیشانی ( The Challenge of Teaching Mobile Journalism) بەشی رۆژنامەگەری و لێكۆڵینەوەكانی پەیوەندییەكان، زانكۆی سەربەخۆی بەرشەلۆنە لەئیسپانیا ئەنجام دراوە لەساڵی (٢٠٢٠)، ئامێرە زیرەكەكان بوونەتە ئامرازێكی سەرەكی كۆمەڵایەتی، شێوەو ژیانی خەڵكیان گۆڕیوە، هەر لەخواردن، وەرگرتنو بەرهەمهێنانی زانیاری، پێدانی هەلی شیاو بۆ هەر كەسێك بۆ دروستكردنو هاوبەشكردنی ناوەڕۆك لەڕێگەی چەندین پلاتفۆرمەوە. بەكارهێنانی مۆبایلی زیرەك بۆ كۆكردنەوەی بەرهەم و دەستكاریكردن و بڵاوكردنەوەی هەواڵ، بەهۆی ئەوەی كەكاری ڕۆژنامەوانی نوێ، بەمۆبایل ئەنجام بدرێت، تێكەڵكردنی ڕۆژنامەوانی مۆبایل بەو شێوەیە، كە ئەم تەحەدایەی ئێستا بۆ پەروەردەكاران لەكاری ڕۆژنامەوانیدا هەیە، ئامانج لەدۆزینەوەی مۆدێلی نوێی پەروەردە، وەك كۆرسی گەورەی ئۆنلاین، دەتوانێت یارمەتی ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی مۆبایل دەكات. ئامانجی ئەوەیە كە بیسەلمێنێت كەئامێری مۆبایلدا بەسوودە لەڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی كەئەم مۆدێلی فێربوونی ئۆنلاین دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ رۆژنامەوانی مۆبایل.

٣- توێژینەوەی(Gifty Appiah-Adjei ،Sadia Jamil) بەناونیشانی: ( Journalism in the era of mobile technology: The changing pattern of news production and the thriving culture of fake news in Pakistan and Ghana)، لەهەردوو زانكۆی( University of Queensland, Australia) و(University of Education, Winneba, Ghana)لە(٢٠١٩) هاتنە

پێشەوەی تەکنەلۆجیای نوێ بووە هۆی بەرزبوونەوەی کاری ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەسەرتاسەری جیهاندا ئامێری مۆبایل ژینگەی ژووری هەواڵی چاکسازیکردووە لەلایەن ناساندنی ڕێگای نوێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەران و پەیوەندیکردن لەگەڵ هەمان شوێن، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی هەواڵەکان بۆ وێب سایتە مۆبایلەکانو کاربەرنامەکان بەرێژەی ستراتیجیەکانی نێوان میدیا، ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاری پێکهاتەیی لەپیشەسازی رۆژنامەگەریو گۆڕانکاری لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لەزۆرێك لەوڵاتانو هەرچەندە لەدابونەریتی کلتوری جیاواز و شوێنی جوگرافییەوە هاتووە، پاکستان و گانا بەدەر نییە لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی هەیە لەسەر ڕۆڵی شاراوەی ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەبەرزکردنەوەی کلتوری هەواڵی ساختە لەهەردوو وڵات بۆیە بەکارهێنانی لێکگەیشتی میدیاییو بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تیورییەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی چۆنیەتی گۆڕینی هەواڵەکانی ڕۆژنامەوانی بەمۆبایل شیبکاتەوە، پرۆسەی بەرهەمهێنانو بەرزکردنەوەی ڕەوتی هەواڵی ساختە لەپاکستانو غانا بۆ بەئامانج گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازەکانی چۆنیەتیی وەصفیو شیکردنەوەی دەقو بەڵگەنامەو چاوپێکەوتنی بەکاردەهێنێت. پشتی بەمیتۆدو تێۆریەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەستووە، تویژینەوەکە لەسێ پرسیاردایە:

یەکەم: کاریگەری بڵاوبونەوەی مۆبایل لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و رۆماڵکردنی هەواڵەکان لەپاکستان و غانا؟ دووەم: چۆنیەتی پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەنێو ڕۆژنامەوانە پرۆفیشناڵەکانو کلتوری هەواڵی ساختە لە پاکستانو میدیای هەواڵی غانا پێشدەکەون ..؟

سێیەم: ئایا رۆژنامەنوسان راهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل وەردەگرن لەهەردوو وڵاتدا؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە ١٥ چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوسانی ژن و پیاوی پاکستانی لەخۆ دەگرێت، کە لەو دوو وڵاتە کار دەکەن. لەوانە: هەموو ڕۆژنامەکانی پاکستان کۆمەڵگە (APNS) و ئەنجومەنی سەرنووسەری ڕۆژنامەکان (CPNE)و کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی تەلەفزیۆن (ATJ). بۆ غانا چوار ئەفسەری پلەبەرزی ئێستا لەرێکخراوەکانی چاودێری میدیا، کۆمسیۆنی راگەیاندن نیشتیمانی (NMC) و کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسانی گانا (GJA) و دوو ئەفسەری پلەبەرزی پێشووی ڕێکخراوە چاودێرییەکان (کە ئێستا سەرنووسەرن لە پێشەنگکردنی سەرەکی لەگەڵ رێکخراوەکانی راگەیاندن) چاوپێکەوتنیان

لەگەڵ کراوە، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکاریی ( thematic analysis٤ ) بەکار دەهێنێت. بۆ شیکردنەوەی داتای کۆکراوە لەچاوپێکەوتنەکان سێ بابەتی سەرەکی هەن کە وەرگیراوە لەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١/ زۆربوونی مۆبایلو تەلەفۆن کاریگەری لەسەر بەرهەم و دابەشکردنی هەواڵ لە پاکستان و غانا هەیەو وایکردووە کەمتمانەی خۆیان لەدەست بدەنو باوەریان بەهەواڵی رۆژنامەنووسانو تەنانەت دەزگا حکومیەکانیش نەمێنێت.

٢/ ڕۆژنامەوانی مۆبایل و کەلتوری گەشەپێدەری لەپاکستانو غانا هەواڵی ساختە بەرهەم دەهێنێت، بۆیە داوا لەرۆژنامەنووسان دەکرێت کەبەشداری ۆرکشۆپو خولی رۆژنامەوان بنو خۆیان لەهەواڵی ساختە بپارێزن.

٣/ ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەپاکستانو غانا سەلماندیان، کەپێویستە رۆژنامەنووسان رابهێنرێن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایلو سودوەرگرتن لێیان.

٤/ڕەوتی گەشەسەندووی هەواڵی ساختە ئاشکرای دەکات کەبەجدی کێشەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات لەسەر رۆژنامەوانانی پاکستانی پرۆفیشناڵو غانی لە ڕووی دڵنیابوون کاری ڕۆژنامەوانی و مافی گشتی.

٤–توێژینەوەی **(فراس محمد العزة)** بەناونیشانی: **(غرف الاخبار الحديثة والاستفادة من التقنيات جديدة في مجال الاخبار)** تونس(٢٠١٣)، ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەسەر بەکارهێنانی ئامێرە تەقەنییە پێشکەوتنەکانی بواری ژووری هەواڵ دەکات لەتەلەفزیۆنەکانو ئەو تەقینەوە گەورەی لەبواری تەکنەلۆژیو زانیاریو بەکارهێنانی لەژوورەکانی هەواڵو گواستنەوەی هەواڵو زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێراو ئاسان، توێژینەوەکە گرنگی بەئامێرەکانی پێوانی ئاستی زانستی و هەڵسەنگاندنی لایەنی مەیدانیو جیاوازییەکانی فراوانی جەختکردنەوە لەسەر بنەمای زانستیو تەقەنی دەدات لەنەهێشتنی کێشەکانی ژووری هەواڵو ئەو پێوانەو داخوازیو تایبەتمەندی کوالێتی دەکات لەپێشنیارەکانی بۆ کارو پێشکەوتنی ژینگەی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی.

**گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: هەڵسەنگاندنی بەشی هەواڵ بەتایبەتیو سوود لەتەکنەلۆژیای مۆدێرن وەرگیراوە لەهەواڵەکاندا کەرەستەو سیستەمی دیجیتاڵیو گەشەپێدانو بوژانەوەی سەرچاوەکانی دابین دەکاتو مۆدێرنکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەییو کارەکە.**

**دووەم: دەریخستووە کە ٩٠ ٪ ی کێشەکانی ڕووبەڕووی چەرخی پێشکەوتن و مۆدێرنیزەکردن لەژینگەی جیهانی عەرەبیدا دەبنەوە، بەهۆی ئامادەنەکردنو نەشارەزایی ستافەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەکنیکانە و بەکارهێنانی گونجاو.لەکاتێکدا ٩٠٪ بودجە بەفیرۆ ئەدرا لەسەر پێشکەوتن و مۆدێرنیتەی تەکنەلۆجیاو ئامێرو سیستەمەکان کەزۆرجار زیاتر لە ٣٠٪ ئەو تواناو توانایانەی کە دەستەبەری دەکات بەکاردەهێنێت، لە ئەنجامدا نەبوونی ستافەکە کە توانای مامەڵەکردنیان هەبێت لەگەڵ وئەو پێشکەوتنە نەکتەلۆجییە.**

**سێیەم: واتە مۆدێرنکردنی پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانو کاری شانەیی، تەکنیکەکان مۆدێرنو خۆماڵیبوون نێودەوڵەتین، زانینی ئەوەی کەئەم بوارە بەستراوەتەوە بەگۆڕین بەڕێوەبردنوخۆگرتنەوە لەسیستەمەکانی بەڕێوەبردنی جیهانیو واقیعی جێگۆڕکێی لەژینگە جیهانیەکانەوە.**

**٥-توێژینەوەی (ئازاد رەمەزان علی)، بەناونیشانی (بنەما ڕێزمانیەکانی داڕشتنی هەواڵ لەڕۆژنامە کوردیەکاندا)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدین (٢٠٠٥)، توێژینەوەکەی کەلەسەر (هەواڵ)ە، توێژەر تیشکی خستۆتە سەر زمانو ڕۆژنامەنووسی بەگشتیو زمانی هەواڵ بەتایبەتی،سنووری باسەکەش بریتییە لەپشتبەستن بەسامپڵی هەواڵی جۆراو جۆری ڕۆژنامە کوردییەکانی نێوان ساڵانی (١٩٩١ - ٢٠٠٠) بەو زمانەی کەلەهەرێمی کوردستانی عێراق وەك زمانێکی باڵا بەکاردێت. بەئامانجی پڕکردنەوەی کەلێنێکی تری پێوەند بەزمانو ئاگادرکردنەوەی ڕۆژنامەنووسانی کورد لەهەندێ بنەمای زمانیی ڕۆژنامەنووسیی، توێژینەوەکەش بەپێی ڕێبازی وەسفیو هەندێ لایەنی پراکتیکی شیکردنەوەی زمانی هەواڵ لەدەقە هەواڵییەکانی ناو ڕۆژنامە کوردییەکان ئەنجامدراوە کە تیایدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە:-**

**-هەواڵ یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسییەو کەرەستەیەکی بنەڕەتی ڕۆژنامەیەو کاریگەریی بەسەر هەڵوێستی سیاسیو کۆمەلایەتیوڕۆشنبیری خەڵکەوە هەیە. هەروەها پێویستە هەر هەواڵێك وەڵامی**

ژمارەیەك پرسیاری تێدا بێت، کەبریتین لە:(کێ، چی، چۆن، لەکوێ، کەی، بۆچی) ئەم پرسیارانە بەڕەگەزی هەواڵ ناسراون ئەگەر پشت گوێ بخرێن ئەوا هەواڵەکە لاواز دەبێت.

-لەڕووی داڕشتنەوە هەواڵ دەکرێت بەسێ بەشەوە (مانشێت ، لید ، جەستە) ئەگەر چی لەپێکهێناندا هەرسێکیان تەواوکەری یەکترن، بەلاّم (مانشێت) گرنگترین بەشی هەواڵە، بەهۆیەوە یەکەم پەیوەندیی لەنێوان وەرگرو هەواڵەکەدا دروست دەبێت.

## شیکاری توێژینەوەکانی پێشوو

ئەنجامی تێبینیو شیکردنەوە لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو:

١- زۆربوونی مۆبایلو تەلەفۆن کاریگەری لەسەر بەرهەم و رۆماڵکردنی هەواڵ هەیەو وایکردووە کەهاولاتیان متمانەیان پێ نەکەنو باوەریان بەهەواڵی رۆژنامەنووسانو تەنانەت دەزگا حکومیەکانیش نەمێنێت.

٢- مۆجۆ چەندین سوودی بەدەستهێنا لەبەرێوەبردنی میکانیزمی پەیوەندییەکان لەناردنو وەرگرتنی کەرەستەو بەدەستهێنانی وێنەی جیاوازو ڕوونو ئاشکرا. هەروەها پێدانی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و بەدواچوون بۆ پێشکەوتنەکان.

٣- رۆژنامەوانانی مۆجۆ پێویستیان بەدەوراتو ۆرکشۆپی زانستی هەیە لەفێربوونو شارەزاییی بەکارهێنانی ئامێرەکەو ئەو کاربەرنامانەی کە بۆ هەواڵێك لەبواری وێنەگرتنو دەنگو رەنگو تێسکت و مۆنتاژکردن پێویستی پێی دەبێت.

٤- توێژەران ئاماژەیان بەدڵنیایی داوە بەرۆڵی مۆجۆ لەداهاتوودا لەگەیاندنی هەواڵو ژووری هەواڵدا، هەروەها رۆڵی بەرچاوی لەگۆرانکارییە کۆمەلاّیەتیو سیاسیو رۆشنبیری ناوچەکەدا دەبێت.

٥- هەواڵ یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسییەو کەرەستەیەکی بنەڕەتی ڕۆژنامەیەو کاریگەریی بەسەر هەڵوێستی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری خەڵکەوە هەیە

٦- تۆرەکۆمەلاّیەتییەکان لەجیهانی نوێ نوێنەرایەتی سیستەمێکی پەیوەندی دەکات لەسەر بنەمای میدیای ئابووری و ناوەرۆك و مۆدێلی نوێ، کە ئینتەرنێت نوێنەرایەتی سیستمی چوارەم دەکات، رۆژنامەگەری نووسراوە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

## حەوتەم: پێناسەو چەمك و زاراوەکان

ئەو چەمكو زاراوانەی ڕۆڵیان هەیە، لەپێکهێنانی گریمانەو تیۆرەکان. پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەبابەتی توێژینەوەکەوە هەیە:

**ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (مۆجۆ):** ئەو ڕۆژنامەگەرییە کەهاوولاتی ئاسایی وەك ڕۆژنامەنووسێك ڕەفتار دەکات لەشوێنی ڕووداودا، وێنە یان ڤیدیۆ تۆمار دەکاتو هەواڵ دەنوسێتو لەیەکێك واڵەکان جا تایبەتی بێت یان گشتی بلاوی دەکاتەوە، هەموو ئەو کەرەستە تەکنەلۆژییانەی لەبەردەستدایە بۆ پێشکەشکردنی ئەو هەواڵەی دەینێرن، کەواتە کردەی گەیاندنی ئێستا لە(هەموانەوە بۆ هەموانە) هەموان بەشدارن لەناردنو دروستکردنی هەواڵو زانیاری بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەفەراهەمکردنی ئامێرە زیرەکەکان.

**بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی:** پرۆسەی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی ناو مۆبایلو سمارتفۆنە لەبەکارهێنانو وێنەگرتنو دەنگو دەقی تێکستی نوسینو ڕێکخستنی لەچوارچێوەیەکی هەواڵیدا بەئامانجی سەرنج ڕاکێشانو وروژاندنی هەستو سۆزی بینەر بەلای بابەتو ناوەرۆکی هەواڵەکەدا، کەئەمیش لەسەر ئاستی شارەزاییو لێزانیو هونەری بەکارهێنەر وەستاوە، لەرۆماڵکردنی هەواڵو زانیاریو ڕووداوەکانی کەرۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## چەمك و پێناسەو گەشەو گرنگی مۆبۆجۆرنالڵ

یەکەم: گەشەو سەرهەڵدانی مۆبۆجۆرنالڵ

دووەم: چەمك و پێناسەی مۆبۆجۆرنالڵ

سێیەم: تایبە تمەندییەکانی مۆبۆجۆرنالڵ

چوارەم: ئاما نجەکانی مۆبۆجۆرنالڵ

# بەشی دووەم

# باسی یەکەم

# چەمك و پێناسەو گەشەو گرنگی مۆبۆجۆرنالٚ

## یەکەم: گەشەو سەرهەڵدانی مۆبۆجۆرنالٚ

دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کەتوانرا مۆبایل وەك ئامێرێکی بچوکی پەیوەندیکردن و بەستراوە بەتۆری ئینتەرنێت بەکار بهێنرێت و ئاسان هەڵبگیرێت و لەگەڵ خۆماندا بتوانین بیبەین بۆ هەموو شوێنێك و کاری ڕۆژنامەنووسی ڕۆماڵی هەواڵ و زانیارییەکانی پێ ئەنجام بدەن و بتوانن بەئاسانی لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا سودی لێ وەربگرن، بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و وەك بوونی: (کامێرا، وێنەگرتنی ڤیدیۆ ، دەنگ) هەروەها ناوەڕۆکی خزمەتگوزاری (content Mobile services) ئەو خزمەتگوزاریانەی کەپێویستە لەنێو "ناوەڕۆکی دیجیتاڵ" و ئامرازەکانی گالەری و گەڕاندا دانرێت. یەکەم جار بەکارهێنانی SMS بوو کەیەکەمجار لەبەریتانیا بەکارهات، لەساڵ ١٩٩٢ و پاشان لەفێنمێندا لەساڵی ١٩٩٣ بەنەوەی دووەم ناسراو، پاشان گەشەکردنی و دەرکەوتنی نەوەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش خزمەتێکی زۆری بواری میدیاییان کردووە، سەرەتاش لەدەزگای ڕاگەیاندن و دامەزراوەی (BBC) پاشان لەدامەزراوەی (CNN) ئەمەریکی و رۆژنامەی (Ellpais) ئەلمانی بەکار هات.( Taylor، ٢٠٠٥، p. 74)

بەڵام لەسین دامەزراوەی (Yunnan) لەگەل رۆژنامە لەساڵی ٢٠٠٢ دەستی کرد، بەناردنی کورتە نامەی هەواڵی، کەبەرێگەی جۆربەجۆر بەهۆی مۆبایلەوە رەوانەی دەزگاکەیان دەکرا، دوابەدوای ئەویش تۆمارکردنی ناوەرۆکی هەواڵی ڤیدییۆی گەشەی کرد، بەتایبەتی لەساڵی ٢٠٠٣ لەلێدانی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، کەوێنەی تەقینەوەو بۆردومانەکانی لەرێگەی مۆبایلی سەربازە ئەمریکیەکان ئەگیران و بلاوئەکرانەوە. (شاهین، ٢٠١٧)

لەرووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر لەساڵی ٢٠٠١ و زنجیرە تەقینەوەکانی شاری مەدریدی ئیسپانیاو زریانی تسۆنامی لەئەندونسیا کەلەساڵی ٢٠٠٤ دا روویاندا، دواتر لەساڵی ٢٠٠٥دا لەرۆماڵکردنی

تەقینەوەکانی شاری لەندەنی بەریتانیا، هاوڵاتیان‌و رۆژنامەنووسان لەرێگەی مۆبایلەکانیانەوە وێنەگرتن‌و وێنەی ڤیدیۆی رۆماڵی کارەساتەکانیان کردو وەك ئامرازێکی میدیایی بەکاریان هێنا. (مستەفا &ریشاوی، ٢٠٢٠، p. 108-110)

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر بەکارهێنانی مۆبایل گەشەی کردو بۆیەکەم جار وشەی مۆجۆ (MOJO) لەلایەن دامەزراوەی (فورت مایرز نیوز) جیهانی ئەمریکی وەك کورتکراوەیەك بۆ وشەی (Mobile Journalism) بەکارهێنرا، بەمەبەستی بەکارهێنانی ناوەرۆکی میدیایی تۆمارکراو لەرێگەی مۆبایلەوە، پاشان ئەم وشەیە لەلایەن شەریکەی رۆژنامەگەری ئەمریکی (جانیت) لەولایەتی فلۆریدا بەکار هاتوو گەشەی کردو جێگەی خۆی لەبواری رۆژنامەنووسی کردەوە لەوڵاتانی رۆژئاوا جگە لەوڵاتانی رۆژهەڵات.

بەم شێوەی دەردەکەوێت کەمیدیای مۆجۆ لەهەناوی دەزگایەکی راگەیاندنی گەورە لەدایك نەبووە، بەڵکو بەهۆی گەشەی مۆبایل‌و ئەو کەسانەی حەزو ئارەزوویان هەبووە بۆ کارکردن لەبواری میدیایی‌و هەواڵ‌و رووداوەکاندا لەدایك بووە، هەروەك رۆژنامەی بەریتانی(الانتدبندنت) نوسیویەتی: کەناڵە تەلەفزیۆنییە گەورەکانی لەکاتی رووداوە گەورەکەی تسۆنامی رۆژنامەنووسەکانیان لەجیاتی ئەوەی روو بکەنە شوێنی رووداوەکە بۆ رووماڵی کارەساتەکە، روویان لەفرۆکەخانەکان ئەکرد بۆ بەدەستهێنانی وێنەو وێنەی ڤیدیۆی گەشتیاران لەسەر رووداوەکەی. (جابر، ٢٠١٦، p. 43)

## دووەم: چەمك‌و پێناسەی مۆبۆجۆرناڵ

بەکارهێنانی مۆجۆ لەلایەن رۆژنامەنوسە ئەکادیمیەکانەوە دەستی بەگەشەو پێشکەوتن کرد، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەلەسەر دەستی ئەوان دەرکەوتووە، بەڵکو ناوەرۆکی بابەتی بەپێزتریان وەك لەرۆژنامەنووسە خۆرسکەکان پێ تۆمار دەکرد، کەئەمەش پێویستی بەشارەزایی‌و لێهاتووی لەبواری رۆژنامەنووسی‌و هونەری‌و بەکارهێنانی دروستی ئەپلەکەیشنەکانی مۆبایل بوو.

بۆیە رۆژنامەنووسی مۆجۆ گەیشتە قۆناغی گەشەکردن‌و پەرەسەندن‌و بەکارهێنانی تەواوەتی لەهەموو بوارەکانی میدیایی نوسراو وێنەو دەنگ‌و وێنەی جولاو، لەبەکارهێنانی بەرنامەی مۆنتاجکردن‌و رووناکی‌و دەنگ‌و ڤیدیۆ کەپێویستی بەئامێرێکی زیرەك هەیە لەرووی کوالێتی‌و

**بەستنەوەی بەتۆڕی ئینتەرنێت، بەمەش بابەتێکی بەهێزو کوالێتی گونجاوی بەرهەم هات کەبگونجێت لەگەڵ تەکنیکی تازەی ژمارەیی تەلەفزیۆن‌و سینەماو واڵ‌و پێگەو ئەکاونتە کەسییەکان.**

**لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر بەکارهێنانی مۆبایل گەشەی کردو بۆیەکەم جار وشەی مۆجۆ (MOJO) لەلایەن دامەزراوەی (فورت مایرز نیوز) جیهانی ئەمریکی وەك کورتکراوەیەك بۆ وشەی (Mobile Journalism) بەکارهێنرا، بەمەبەستی بەکارهێنانی ناوەرۆکی میدیایی تۆمارکراو لەرێگەی مۆبایلەوە، پاشان ئەم وشەیە لەلایەن دامەزراوەی رۆژنامەگەری ئەمریکی (جانیت) لەولایەتی فلۆریدا بەکارهاتوو گەشەی کردو جێگەی خۆی لەبواری رۆژنامەنووسی کردەوە لەوڵاتانی رۆژئاوا جگە لەوڵاتانی رۆژهەڵات.**

**دەکرێت پێناسە بکرێت: بریتییە لەپرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ‌و بڵاوکردنەوەی، بەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك یاخود(تابلێت‌و ئایپادو لاپتۆپ) ئەمەش ئاراستەو کارێکی نوێیە لەرووماڵکردنی هەواڵ‌و پەخشکردنی، پێشبینیش دەکرێت ببێت بەکارێکی بەردەوام بۆ رۆژنامەنووسان.** (لاریا &دیانا، ٢٠١٧)

**سمارتفۆنەکان تەنها هۆکارێك نین بۆ کات بەسەر بردن، بەڵکو بوونەتە وەسیلەی گواستنەوەو زانیاری‌و هەواڵ.**

**هەروەها بووەتە هۆی بەبازاڕکردن‌و زۆربەی ڕۆژنامەنووسان تۆڕەکان بەکاردەهێنن لەڕێگەی ئامێرە هۆشمەندەکان لەهەموو کات‌و ساتێك بەردەستە بۆ گواستنەوەی ڕووداوو هەواڵ‌و بڵاوکردنەوەو ڕۆماڵکردن.** (الدین، ٢٠٠٠، pp. 26-28)

**بوونی پەخشی راستەوخۆی زانیاری‌و هەواڵ‌و رووداوەکان لەڕێگەی مۆبایلەوەو بەبەکارهێنانی بەرنامەی بێتەلەوە، ئەم کاربەرنامانە ئەبێتە دەروازەیەك بۆ جیهانێکی نوێ بۆ گواستنەوەی داتا وەك خزمەتگوزاری تایبەت بۆ کەشوهەوا، وەرزش، هەواڵ، بازاڕکردن، خۆشیکردن، بانك، هەواڵی بۆرسە، هەموو ئەمانە لەرێگەی بەکارهێنانی مۆبایل.**

**دوای ناساندنی مۆبایل، بەتایبەت دوای بەجیهانیبوونی نەوەی سێیەم، گەڕان خێراترو بەپێی کات نرخەکەی نزمتر بووەو ئەوەش پاڵی بەدامەزراوەکانی هەواڵەوە ناوە بەدابینکردنی کۆپی سوك بۆ سایتەکانیان کەگەڕانی ئاسان بەمۆبایل چالاك دەکات، سەرەتای بەکارهێنانی مۆبایل وەك نێوانگیرییەکی جیهانی لەڕێگەی سیستەمی نامەگەیاندنێکی بچووکەوە بوو.** (رضوان، ٢٠١٦، p. 13)

## سێیەم: تایبەتمەندییەکانی مۆبۆجۆرناڵ

بەرهەمهێنانی بابەتێك یان راپۆرتێکی هەواڵی یان گرتەیەکی ڤیدیۆی لەتەلەفزیۆنی کلاسیکی پێویستی بە(برۆدکاستینگ)گەورە هەیە، بەبەراورد بەبەرهەمهێنانی هەمان بابەتو ناوەرۆك بەسمارتفۆن، هەرچەندە لەرووی کامیراو دەنگو رووناکی جیاوازیان دەبێت، دەتوانین تایبەتمەندیەکانی سمارتفۆن لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

١/ خێرایی لەبەرهەمهێنانی هەواڵدا، بەهۆی زیرەکیو بەردەست بوونو پلاتفۆرمەکانەوە.

٢،/ پەخشی راستەوخۆو خێرایی بڵاوکردنەوەو بەبازاڕکردن.

٣ / تێچووی کەمو بەرهەمهێنانی هەواڵ بەکەمترین تێچوون.

٤/ کەمکردنەوەی ستاف ڕاگەیاندن.

٥ / ئاسانی جوڵەپێکردن چونکە پێویستی بەئامێری قەبە نییە، لەچاو ستافی تەلەفزیۆن.

٦/ کەمکردنەوەی کەرەستەکانی وێنەگرتنو مۆنتاژکردن.

٧/ سەلامەتی: زۆربەی ئەو شوێنانەی کاری وێنەگرتنی لێ دەکرێت پێویستی بەمۆڵەت نییە، کەکامێرای گەورە پێویستی پێیەتی.

٨/ کوالێتی بەرزی وێنەگرتن، ئاسانی وێنەگرتنی لەگەڵ چارەسەرکردنی وێنەی شێواو بەئۆتۆماتیکی بەلێنزی کامێرای تەلەفۆن.

٩/داهێنانو ئەفراندن، لەرێگەی ئەپلەکەیشنە جیاوازەکانو بەردەستەکانی ناو سیستەمی مۆبایلەکانی (IOS)و(Android).

١٠/فیدباك، بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هەر لەحزەی یەکەمی دابەزاندنی هەواڵەکە تا ئەو کاتەی ئەمانەوێت دەتوانین ژمارەی بینراو لایكو کۆمێنت بزانرێتو لەهەمان کاتدا بینەر فیدباگی خۆیان بنووسن. (السنجری، ٢٠١٩، (p. 61-65)

## چوارەم: ئامانجەکانی مۆبۆجۆرناڵ

**ڕۆژنامەگەریی مۆبایل چەندین ئامانجی هەیە کەهیچ جیاوازی نییە لەناوەڕۆکدا لەگەڵ کۆی ئامانجی میدیاکان کەکاری تێدا دەکات:**

**١/ دۆکیومێنتکردنی ڕووداوە جیاوازەکان.**

**٢/ پیشەسازی هەواڵ.**

**٣/ پەرەپێدان و ڕۆشنبیرکردنی هۆشیاری گشتی.**

**٤/نزیکردنەوەی بۆچوونەکان لەیەکتر.**

**٥/ دەستنیشانکردنی ڕەفتارەکان لەکۆمەڵگادا (نەرێنی و ئەرێنی).**

**٦/ تیشك خستنە سەر کەموکورتییەکان لەئەدای حکومەت و ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسان.**(الشرقاوی، ٢٠١٤، p. 43-47)

## باسی دووەم

## بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

**یەکەم: چەمکی هەواڵ**

**دووەم: پێناسەی هەواڵ**

**سێیەم: رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ**

**چوارەم: توخمە گرنگەکانی هەواڵی سەرکەوتوو**

**پێنجەم: تەکنیك و هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی بە سمارتفۆن**

**شەشەم: کاربەرنامەکانی ( Application )ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەبەرهەمهێنانی هەواڵدا**

# باسی دووەم

# بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

## یەکەم: چەمکی هەواڵ

وشەی هەواڵ چەند چەمکێکی جیاجیای هەیە لەزمانە ئەوروپیەکاندا وشەی (**Information**) بەکاردەهێنن‌و بەزۆر ماناش دەخوێنرێتەوە، هەروەها بەواتای حقوقی ومەبەستی ئاگایی دادوەری‌و تاوان بەکاردێت، هەوەها بەواتای ئاسایش‌و زانیاری‌و لەدیالۆگە گشتیەکان بەواتای هەواڵ بەکار دەهێنرێت. (نەژاد &صالح، ٢٠٠١، p. 17)

هەواڵ ژانرێکی سەرەکی هونەری رۆژنامەنووسییە، هەواڵی ڕووداوەکان بەهەموو شوێنەکاندا لەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەبێتەوە، هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگییەکی یەکجار زۆر بەم هونەرە دەدەن، هەواڵ پێداویستییەکی ڕۆژانەی خەڵکە، گرنگی‌و بایەخدان بەهەواڵ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەپێی ئاستی زانستی‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆجی‌و تەمەن‌و ڕەگەزەوە دەگۆڕێت.

لەڕووی ئابووریشەوە هەواڵ بووە بەکالایەکی بازرگانی کەچەندین ئاژانسی گەورەی تایبەت بۆ کۆکردنەوەو فرۆشتنی هەواڵ لەجیهاندا دامەزراون‌و بەهەزاران کەس لەم پیشەیەدا کاردەکەن.

چەمکێکی گشتی‌و تێگەیشتنێکی دیاریکراو سەبارەت بەوەی چی دەبێت بەهەواڵ نییە، لەزۆر لەئینسکلۆپیدیاو فەرهەنگەکانداو لەو پەڕتووکانەی سەبارەت بەکاری ڕۆژنامەنووسییەوە هەن، لێکدانەوەیەکی تایبەت‌و بۆچوونێکی یەکگرتوو، تێڕوانینێکی کۆك نین، بەڵکو هەر یەك لەو لایەنانەی کەباسمان کردن بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو چەمکە شیدەکاتەوە، چونکە ناوەرۆکی هەواڵ بەردەوام لەگۆڕاندایەو بەپێی سەردەم‌و شوێن دەگۆڕێت، بەم پێیەش چەندین پێناسەی هەیەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ: (دۆسکی، ٢٠٠٨، p. 68)

١. جیاوازی قوتابخانە ڕۆژنامەنووسییەکان.

٢. جیاوازی بەهاکانی هەواڵ.

## دووەم: پێناسەی هەواڵ

پێناسەکردنی هەواڵ کارێکی ئاسان نییە، کۆنترین پێناسە کە بۆ هەواڵ کرابێت: ئەو پێناسەیەیە کە لۆرد نۆرث کلیف* لە ساڵی ١٨٦٥ بڵاوی کردۆتەوەو دەڵێ: هەواڵ ووروژاندنو دوورکەوتنەوەیە لەشتی باو.(هاملتون &، ٢٠٠٠، p. 73-74) کارل وارت پێی وایە: هەواڵ پێویستە هەستی زۆرترین خەڵك بوروژێنێ. (هیبە، ٢٠٠٢، p. 153) چیلتۆن بۆش، مامۆستای زانکۆی ستانفۆرد: هەواڵ بریتییە لەراپۆرتێك دەربارەی ڕووداوێك، کەخوێنەر دەتوانێ تێی بگات. (ابراهیم، ٢٠٠٠، p. 95)

پێناسەیەکی دیکە دەربارەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی دەڵێت: ڕووداوگەلی نوێیە کە بایەخیان هەبێ بۆ ژیانی خەڵك، لەڕۆژنامەی ڕۆژانە بڵاوبکرێتەوە، لەوانەیە هەواڵ ناوچەیی بێت یان هەرێمایەتی، یان نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی بێت، یان ئەوەتا پەیوەندیی بەبوارێکی تایبەتی وەك ئەدەب، هونەر، سیاسی، فکری...هتد هەبێت.(حبیب، ٢٠٠٥، p. 108) فێرناندترو سەرۆك‌و مامۆستای ئەنستیتۆی چاپەمەنییەکانی زانکۆی پاریس لەکتێبەکەیدا بەناوی هەواڵ دەنووسێ: هەواڵ بریتییە لەبڵاوکردنەوەیەکی رێك‌و پێکی رەوتی رووداوەکان‌و رەوتی بۆچوون‌و ئەندێشەو بیرو راگشتیەکان. (کەریمی، ٢٠٠٦، p. 8) لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی میدیا ناسراوە بەلیژنەی ماکبیداید- کەدانانی پێناسەیەك بۆ ماهیەتی هەواڵ لەنێوان ئەو ئەرکانەدا بوو کەپێی سپێرابوو: ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێتەوە رەنگدانەوەی واقیع‌و بەهاکانی ئەو کۆمەڵگەیەن کەتێیدا بڵاودەبنەوە. بەو مانایەی سیستەمی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و کەلتوری رۆڵێکی گەورە دەبینێ لەبڕیاردان لەسەر ئەو هەواڵانەی بڵاودەبنەوە ئەوانەش کەبڵاو نابنەوە.(مکاوی، ٢٠٠٨، p. 9)

بەوردبوونەوە لەو پێناسانەی سەرەوە هەواڵ بریتییە لەبڵاوکردنەوەی ئەو رووداوو زانیاریانەی کەخەڵکی دەیەوێت بزانێت کەپێشتر نەیانزانیوە لەنێوانیشیاندا ئەو هەواڵانەی زیاتر سەرنج راکێشن.

* (لورد نورس کلیف) نووسەرێکی بەناوبانگی رۆژنامەی (New York Sun)

**سێیەم: رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ**

چەند گرنگە هەواڵ نوێ‌و نەبیستراو بێت، ئەوەندەش گرنگە یاساکانی رۆژنامەنووسی هاوچەرخ رێسای پێنج پرسیارەکە لەخۆ بگرێت بۆ وەڵامدانەوەی خوێنەران، ناوهێنانی بە(W, So) بۆ رۆژنامەی (ئەنجلۆ)ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە کەدەڵێت: هەواڵی رۆژنامەنووس پێویستە وەڵامی (٥) پرسیار بداتەوە کەهەموویان بە پیتی (W) دەست پێ دەکەن کەئەمانەن: (ئەلدروبی، ٢٠٠٦، p. 134)

بۆچی (Why)،و کەی (Where)،و چی (What)، کێ (Who) ،وکەی(when). بەگشتی رۆژنامەنووسان لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە (٥) رەگەزە، بەڵام هەندێکی تریان رەگەزێکی تریان بۆ زیاد کردووە ئەویش رەگەزی (چۆن How)ە. ئەم شەش رەگەزە لەپێشەکی هەواڵدا دێن کەئەم پێشەکییە گرنگی خۆی دەبینێ لەگێڕانەوەدا گەر کورت بێت یان درێژ. (شریف، ٢٠٠٢، p. 154)

ئەم پێنج پرسیارە هەموو شتێك نین لەبابەتی رۆژنامەوانیدا، بەڵام لەراستیدا چەند کلیلێکی پێویستن بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایانەی بەرەو سەرجەم وردەکارییەکان وەرگر پەلکێش دەکەن. هەموو بابەتێکی رۆژنامەگەری ناکرێت هەمیشە وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانەی تێدابێت، رەنگە رێکەوتی رووداوێك بکەیت تەنها وەڵامی یەك پرسیاری تێدا بێت.

**چوارەم: توخمە گرنگەکانی هەواڵ**

هەواڵ کۆمەڵێك توخمی سەرەکی هەیە کەرۆڵ لەسەرکەوتنی هەواڵەکەدا دەگێڕێت لەوانە:

١/ دەبێت رووداوو هەواڵەکان نوێ بن.

٢/سودو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی تیادابێت.

٣/ دەبێت هەواڵەکان سەرنج ڕاکێش بن بۆ زۆر کەس.

٤/دەبێت هەواڵەکان جێی سەرنج بن، بۆ ئەوەی خوێنەر بەدواداچون بۆ وردەکارییەکانی بکەن.

٥/ کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان گونجاو بێت بۆ ئەوەی بایەخی خۆی لەدەست نەدات.

٦/ هەواڵی پەیوەندیدار بەململانێکان جەماوەری زیاتر رادەکێشێت.

٧/ ئەو هەواڵەی کەپەیوەندی بەرکابەرییەوە هەیە، خوێنەری زیاتر کەمەندکێش دەکات.

**٨/ ئەو هەواڵەی پێشبینیو ئەگەرەکان لای خوێنەر بەرزدەکاتەوە، هەواڵی سەرکەوتووە.**

**٩/ نامۆییو لایەنگری لەهەواڵەکان توخمێکی گرنگە.**

**١٠/تا ئەو کەسەی هەواڵی لەبارەوە بڵاودەکرێتەوە ناودارتر بێت، هەواڵەکە گرنگتر دەبێت.**

**١١- ئەو هەوالانەی کەهەستو سۆزی خوێنەر دەوروژێننو دەجوڵێنێت یەکێکە لەهەواڵە سەرکەوتووەکان.**(الشمیری، ٢٠١٠، p. 72)

## پێنجەم: تەکنیكو هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی بەسمارتفۆن

**ڕۆژنامەنووسی مۆبایل، هەمیشە وەك سەربازێك دەبێت لەسەنگەردا بێت، بۆ ئەو هەواڵو ڕووداو کارەساتانەی کەکتوپڕ ڕوودەدەنو خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، پێویستە بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکەدا دەکاتو دەیکاتو بەهەواڵێکی تەلەفزیۆنی سەرکەوتوو سەرنجراکێش، پێویستە ئاگاداری ئەم خاڵانە بێت:**

**١ / گەڕانو تێگەیشتن لەبیرۆکەی ڕووداوەکە: قورسترین شت لەکاری ڕۆژنامەوانیدا ئەوەیە کەبیرۆکەیەك گەڵاڵە بکەیت، سەرنجڕاکێشو هەستوسۆزی خەڵك رابکێشێت.**

**٢ / بیرۆکەی ڕووداوەکە کەپەیوەندی بەسروشتی بابەتەکەوە هەیە، لەسەر بنەمای بینەرو ئامانجو زمانی ناوچەکە ئامادەی بکرێت.**

**٣ / سیناریۆ یان نەخشەیەك بۆ کارەکەت دابنێ، کەیارمەتیت دەدات لەتەواوکردنی کارەکەت.**

**٤ / دەقەکە بنووسەو دڵنیابە کەبەوردی زانیاریەکانت بەپێی پلەبەندی ریز کردووە.**

**٥ / کۆکردنەوەی بەشی پێویست گرتەی بینراوو پێکهاتەی دەنگی جۆراوجۆر لەڤیدیۆ، وێنە، وتە و میوزیك.**

**٦/ دابەشکردنی وێنە، ڤیدیۆ و دەق کەبەزنجیرە نووسراون و دڵنیابە لەوەی کەلێدوانی نووسراو فۆتۆ یان ڤیدیۆ هاوتەریبن.**

**٧/ سەرنج بدە لەسەر چرکەی یەکەمی ڤیدیۆکە، ئەوەی لەسەرەتای ڤیدیۆکەدا نیشانی دەدەی ئەو پێوانەیە کەبینەر بڕیاری مانەوەی لەسەر دەدات.**

**٨ /دووركەوتنەوە لەقەرەباڵغیو شاشەی پڕ لەوێنەو وتەو ئاخاوتن لەوانەیە بینەر سەرقاڵ بکات، تەنها جەخت لەسەر زانیارییە گرنگەکان بکەرەوە.**

**٩ /بەکارهێنانو هەڵبژاردنی موزیکی گونجاو کەلەگەڵ سروشتی بابەتەکەدا هاوشان بێت.**

**١٠ / ڤیدیۆکە کورتتر بێت، سەرکەوتووتر دەبێت، زۆرترین زانیاری لەسەر ڕووداوێك لە کەمترین کاتدا.**

**/١١ پاشان دڵنیابوونەوە لەهەموو ڕەگەزەکان، دوا هەنگاو پەخشکردنیەتی لەیەکێك لەو والآنەی کەتایبەتین، یان ناردنو فرۆشتنەوەیەتی بەیەکێك لەئاژانسو کەناڵو دامەزراوە میدیاییەکانە. کورتە پێشەکییەك بۆ ڤیدیۆکە دابنرێت کاتێك لەفەیسبووك یان یوتوب بارکرا، ئەمە گرنگەو بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.**

**/١٢ هەروەها ڤیدیۆکە لەکاتی گونجاودا بڵاوبکرێتەوە.**(دیانا &منتصر، ٢٠٢٠، p. 14-30)

## شەشەم : کاربەرنامەکانی ( Application )ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەبەرهەمهێنانی هەواڵدا

**ڕۆژنامەوانی مۆبایل سنووردار نییە لەپەسەندکردنی هەندێك کاربەرنامەو چەندین بەرنامە هەیە کە لەلایەن ئامێرەکانی مۆبایلەوە پشتگیری دەکرێن، جا ئەگەر لەسیستمی (IOS) یان (Android) کار بکات. هەرچەندە پەیمانگا و ئاکادیمییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی مۆبایل، بەزۆری پشت بەدانانی ئامێرەکانی (IOS) دەبەستن بەهۆی دڵنیابوون لەدروستی وێنەو بەرنامەکان، بەڵام سیستەمی (Android) خزمەتگوزاری تەکنیکی باش بەخۆرایی پێشکەش دەکەن، لەوانە ئەو ئەپلیکەیشنانەی کەبۆ وێنەو وێنەگرتنو وێنەی ڤیدیۆی نوسینو تێکستو مۆنتاژو دەنگو موزیكو ناوەڕۆك کەهەوڵو ماندووبوونی بەکارهێنەر کەم دەکاتەوەو هەمووی لەئامێرێکی بچوکی دەستیدا کۆدەکاتەوە بۆی.**

**بۆ گەیشتن بەکاری پیشەیی پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە چەند بەرنامەیەکی ئامادەکراو بەکاربێنیت بۆ یارمەتیدان لەگەیشتن بەباشترین بەرهەم و بەزووترین کات گرنگترینی ئەو کارنامانە کەپەیوەندی**

بەوێنەگرتنەوەیە بەناوبانگترینیان کامێرا +CAMERA+و ئەدۆبی فۆتۆشۆپ ئێکسپرێس ( ADOBE PHOTOSHOP EXPRESS) و سناپ سیدد(SNAPSEED).

کاربەرنامەکانی دەستکاریکردنو وێنەگرتنی ڤیدیۆ هەن وەك: FILMIC PRO و ٥ CINEMA F V، لە کاتێکدا کاربەرنامەکانی بژارکردنی ڤیدیۆ دەتوانن iMovie یان Pinnacle STUDIO بەکاربهێنن، بەرنامەی (KAIN MASTER) و(WE VIDEO)بەکار بێنن، کارکردن لەسەر بەرنامەی کاین ماستەر -بەزۆری وۆرکشۆپی ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەپەیمانگای میدیای ئوردن بەکاری دەهێنن.

ئەپلێکەیشنە دەنگییەکان دەتوانرێت بۆ تۆمارکردنی دەنگی(VOICERECORD PRO)و ( B C M RECORD)بەکار بهێنرێت. لەکاتی پێویستی پەخشی ڕاستەوخۆ پێویستە (MEERKAT)و(FACEBOOK LIVE) و (periscop)و(USTREAM)و(BAMBUSER) و ئەو کاربەرنامانەی کەلەسەرەوە باسکراوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، کەهەندێکیان بۆ ئەو ئامێرانەی کەسیستەمی کارپێکردنی iOS یان Androidیان هەیە، یان هەردووکیان گونجاون. (www.jmijournalists.com)

لایەنی هونەریش پشت بەداهێنانی بەکارهێنەر دەبەستن لەبەستنەوەو تێکەڵکردنو کورتکردنەوە یان ڕاستکردنەوەی وێنەکانو زیادکردنی ناوەڕۆکی دەنگو دەق بۆیان، ئەم جۆرە بەرنامەیەش باشترینە، چونکە بوار بەبەکارهێنەر دەدات کەڕووبەری پێویست بۆ پیشاندانی بەکارهێنەر بەپێی بینینی هونەری و ئاوتپوتی خۆی بۆ گەیشتن بەتام و چێژی وەرگرەکە نیشان بدات.

هەندێك جار کار هەیە کەپێویستی بەزیاتر لەیەك کاربەرنامە هەیە بۆ بەرهەمهێنان بەهۆی بوونی هەندێك بژاردەو نەبوونی هەندێکی تر کەلەهەندێك کاربەرنامەدا دەیدۆزیتەوەو ئەمەش پێویستی بەبەکارهێنەری پرۆفیشناڵ هەیە کەدەبێت هەموو بەرنامەکان ببینێت و نهێنیو بژاردەکانی خۆی بزانێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لەدەزگاو ئاژانسو ناوەندەکانی خوێندن دەوراتی تایبەت بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایلو بەرهەمهێنانی سمارتفۆن دەکەنەوە چ بەئۆنلاین، یان ڕووبەروو بێت، وەك: ئەکادیمیایی لەندەن بۆ ڕاگەیاندنو پەیوەندی گشتی، کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی سعودی، پەیمانگای ڕاگەیاندنی ئوردنی، مانگی سوری بەحرەین. (التوام، ٢٠١٨ القاهره، p. 583)

# بەشی سێیەم

## شیکارینامە

## پێگەی مۆبوجۆرنالْ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

پێگەی مۆبوجۆرنالْ لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

دەرەنجام

راسپاردە

پێشنیار

سەرچاوەکان

## بەشی سێیەم

## شیکارینامە

## پێگەی مۆبوجۆرنالٚ

## لەبەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

ڕۆژنامەوانی مۆبایل تەنیا بەبەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆو بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەکانی هەواڵەوە سنووردار نەبووە، بەڵکو درێژکرایەوە بۆ دروستکردنی ناوەڕۆکی گرافیکی کەلەگەڵ ناوەڕۆکی دەقدا یەکدەگرێ. ناوەڕۆکێکی خوێنراو کەپشت بەبڵاوکردنەوەی داتاو ڕێژەو ژمارەو زانیاری دەبەستێت بەبەکارهێنانی شێوازی جیاواز ئەمە لایەنی گرنگی ڕۆژنامەوانی مۆبایلە، بەڵام لایەنەکانی تر کەکامێرا لەبەڵگەنامەدا دەیگرتە بەر، ڕووبەرەکەی فراوانە لەدەستنیشانکردنی کەموکوڕی لەئەداو هەڵسوکەوتە جیاوازەکان، سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش بوونەتە گۆڕەپانێك‌و بوارێك بۆ پەخشکردنی بەرهەمەکانی ڕۆژنامەوانی مۆبایل بەو بەرنامە بەکاربەرانەی کەباسمان کردن، کەهەندێکیان بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕای گشتی ناوخۆیی‌و ڕەنگە جیهانی لەسەر هەندێك مەسەلەی دیاریکراو. لەڕێگەی ژووری هەواڵەکانەوە دەبێتە سەرچاوە بۆ شاشەی تەلەفزیۆنەکان.

ڕۆژنامەوانی مۆبایل پسپۆرییەکی شارەزا نییە لەهونەری هەواڵ دروستکردن، بەڵام لەڕێگە ئەو وشەگەل‌و ئێفێکتە زۆرەی کەلەلایەن ئامێرەکانی مۆبایلەوە دابینکراوە، بەرنامەکانی مۆنتاژو وێنەگرتن‌و چوونە ژوورەوەی دەنگ‌و دەق، ڕەنگە هەموو کەسێك ببێتە ڕۆژنامەنووس بەبڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە یان ڕووداوەی بەلێنزی مۆبایلەکەی وێنایدەکات‌و لەسایتێکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا پەخشی دەکات، بەڤیدیۆ کلیپ، کەناسراوە (citizen press)و ڕاگەیاندنێکی هەڕەمەکییە کەتێیدا زانیارییەکان ناڕێکن‌و هاوپۆلێنی قاڵبی هەواڵی ناسراوی تەلەفزیۆنی نین.

سەبارەت بەو ڕۆژنامەنووس‌و میدیاکارانەی کەلەنووسینی ڕاپۆرتی هەواڵ بەشێوەی هاوسەنگ باشن‌و بەوەبەرهێنان لەکاری هونەری وێنەگرتن‌و مۆ نتاژ، ئەمانە ئەو کەسانەن کەبەرهەمەکانیان بەڕۆژنامەوانی مۆبایل‌و لەبەر ڕۆشنایی بەرزی نرخی کامێرا پیشەییەکان‌و بەردەستبوونی مۆبایلی زیرەك‌و دەستکەوتنی لێنزی و ئەپلیکەیشنەکانیان کوالێتیان باش ئەبێت، یان لەڕێگەی کارتی بارکردن لەڕێگەی کۆگا ئەلیکترۆنیەکانەوە دابین بکرێت، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەستی کردووە بەبڵاوبوونەوەی

خێرا، بەتایبەتی لەنێو خوێندکارانی زانکۆو ڕۆژنامەنووسانو کەسانی تازەکار، هەروەك بڵاوبوونەوەیەکی فراوانتری زانیاری دەستەبەر دەکاتو خەونی گەنجان بەدی دەهێنێتو کاری میدیا بەکەمترین هەوڵو تێچوون لەڕێگەی تۆڕەکۆمەلایەتییەکانەوە بەدەست دەهێنێت.

شێوازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتو هەواڵی چیرۆکەکان بەلەخۆگرتنی مۆبایل بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئامرازەکانی تر ببا، بۆشایی خۆی لەدەوڵەمەندکردنی شاشەی تەلەفزیۆنەکان لەکاتی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبیدا کەسەردەمی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل کەتێیدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشتیان بەبڵاوکردنەوەی لاپەڕەی هاوڵاتیان لەتۆڕی کۆمەڵایەتی میدیا لەسەر پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك گرتە ڤیدیۆییەکان برد وەك سەرچاوە، مۆبایل ڕۆڵێکی گرنگی لەنزیککردنەوەی ڕووداوەکاندا گێڕا بەتایبەتی لەتونسو لیبیاو گەیاندنی بەوەرگر لەهەموو جیهاندا.
( www.researchgate.net/publication)

ڕۆژنامەگەریی مۆبایل **MOJO** ئاسۆی بەڕووی ڕۆژنامەنووسانو بەتایبەت (ڕۆژنامەنووسانی هاووڵاتی)دا وەك یەککردەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز لەڕابردوو بچێتە ناو دنیای ڕۆژنامەگەرییەوە، بۆیە دەستکەوتنی زانیاری زۆر ئاسانترو شێوەی بڵاوبوونەوەی فراوانترو خێراترو بەتێچوونی کەمتر، بەڵام بۆ هەموو لایەك نادیارە بڕی سەلامەتیو کوالێتی لەبەکارهێنانی مۆبایلدا لەبری کەلوپەلی گەورەی ستۆدیۆکان گونجاوە.

لەئاستی تەکنیکیشدا مۆبایل ڕێگە بەوێنەو ڤیدیۆگرتنی وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی جۆری بەرز دەداتو هەروەها ئەپڵیکەیشنەکان تەکنەلۆژیای پەخشی ڕاستەوخۆ دابین دەکەن، کەپێشتر پێویستی بەتیمو ئامێری تایبەت هەبوو، هەروەها ئاسۆیەکی کراوە لەخێراییو کاراییو داهێنانو پێشبڕکێ بۆ کەرەستە پیشەییەکان لەئارادایە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی لەم بوارەدا هەیە، دەبێت ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵو ئەکادیمییەکان بەچەند کارامەیەك پڕچەك بکرێت تاجیابکرێتەوە لەکەسێکی هاوی، هەر لەپلانو نوسینی دەقێکی بەهێزەوە بۆ ئەو چیرۆکەی کەمەبەستە، سەرنجدان لەسەر وەرگرتنی وێنەو گرتەی بەهێزو ڕوونو جوڵاو.

هەروەها پێویستە بۆ فێربوونی بنەماکانی وێنەگرتن، وەستان لەبەردەم کامێرادا، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، بنەماکانی ڕووناکیو بژارکردنی ڤیدیۆ خێراتر لەدۆخی نەریتی، بەکارهێنانی بەرنامەی

گونجاو لەدەستکاریکردندا، دۆزینەوەی چارەسەرو بژاردە بۆ خۆبەدوورگرتن لەهەر حاڵەتی لەناکاوو دەستکاریکردن.

**- مۆجۆ جێگای ژووری هەواڵ دەگرێتەوە لەتەلەفزیۆنەکان**

سمارتفۆنەکان پەیوەستن بەجیهانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ئەوەی بازدانێکی گەورە بکەن، لەهەواڵی بەپەلەو ڕوومالّکردنی ڕووداودا، بەڵام پرسیار لەسەر چۆنیەتی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانیو دۆخی بەها تەقلیدییە ڕۆژنامەوانییەکان دروست دەکەن، وەك ئەوەی بایەخ بەسایتە هەواڵییەکانو دەزگا هەواڵییە جیهانییەکانیش فراوانتر دەبێت.

پەیامنێر(نیل ئۆگێنشتاین)، کە بۆ ڕادیۆی تۆپ ئێف ئێم کاردەکات، هەروەها **wtop fm**، **wtop.com**و. ئەو یەکەم پەیامنێری ڕادیۆیە کەهەموو ڕاپۆرتەکانی بەئایفۆنێك ئەنجام دەدات. نیل دەڵێت: پێنج ساڵ دوای ئەوەی لاپتۆپەکەمو ڕیکۆردە دیجیتاڵو کامێرای ڤیدیۆو ئامێری کۆدکردنم بەجێهێشت، دەستمکرد بەئەنجامدانی هەموو ڕوومالّێکی مەیدانیم لەسەر ئایفۆنەکەم، ڕۆژنامەگەریی مۆبایلیش تائێستا ئەو شێوەی هەواڵە دەگۆڕن، بۆ باشتر یان خراپتر، وتیشی: لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٠وە کەئەزموونی ڕوومالّکردنی ڕووداوەکانم بەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لە **WTOP-FM** دەست پێکرد، کەوێستگەیەکی ڕادیۆیی ڕوومالّی هەواڵەکانی واشنتۆنە، تەکنەلۆژیا گەشەی کردووە، لەگەڵ وەسفی کاری ڕۆژنامەنووساندا.

لە کاتێکدا تەلەفۆنەکان باشترو خێراتر کاردەکەن، بەرنامە نوێکارو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پرۆسەی گەیاندنی هەواڵی خێراتر کردووەو پیشەسازی هەواڵیش بەردەوام لەگۆڕاندایە.

بوونی ئامرازەکان لەدەستی ڕۆژنامەنووساندا، بەزووترین کات کەتازەترین نوێکردنەوەکانیان ئاشکرا دەبێت، بەشداری لەخستنەڕووی هەواڵەکان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری نادروست گرنگی بەها ڕۆژنامەوانییە تەقلیدییەکان زیاد دەکات، لەوانە وردی، چێژی گشتی، تێڕوانین، گۆشە، دەقو دادپەروەری.

(هارییت هادفیلد) پەیامنێری سکای نیوز(sky news) وتی: کاتێك لەجنێف بووم، نوسینگەی ڕاگەیاندنمان نەبوو و زۆر ڕووداو لەبەرچاوم روویدەدا، فێری بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك بووم بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان و توانیومە ڕووداوە گرنگەکان بگەیەنم.

(رادیو ئیریام) پەیامنێری بەشی زانستی کەناڵی ئیرلەندی گوتی: پێموایە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەگەشەکردندایەو هێشتا پێشکەوتنێکی زۆر لەپێشە، بەتایبەتی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێو بەرنامە بۆ ئامێرە زیرەکەکان لەڕووی ڤیدیۆو دەنگەوە.(www.jmijournalists.com)

فۆتۆ ڕۆژنامەنوس‌و ڕاهێنەر (کارۆلاین سکۆت) لەچاوپێکەوتنێکیدا کەلەسایتی (**Journalism**) بەریتانیدا پەخشکراوە، لەرۆژنامەگەریی هاوچەرخدا جەختی لەسەر گرنگی (ڕۆژنامەگەریی مۆبایل) کردەوە، بەتایبەتی کەیارمەتی نووسەران‌و پەیامنێران‌و سەرنووسەرەکان دەدات کەباز بەسەر ڕۆژنامەگەریی تەقلیدیدا بدەن‌و لەگەڵ کارەکانیاندا بەرەو پێشەوە بڕۆن. .( www.alroeya.com)

بەوتەی سکۆت، هەواڵی بەپەلە یەکێکە لەگرنگترین پێویستی ڕۆژنامەنوسی مۆبایل بۆ بەدۆکیومێنتکردنی ئەو ساتەی ڕوداو بەخێرایی ڕودەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکەی، دەتوانێت دەستکاری ڤیدیۆکە بکات‌و ڕەوانەی ژوری هەواڵی بکات. سکۆت ڕوونیکردەوە کەڕەنگە ڕۆژنامەنووسەکە دیمەنی کنەو فیلم بکات، بەڵام دواتر تێبینی ئەوە دەکات کەعەیبەکانی وەك لەرینەوەو ڕووناکی نزم‌و وێنە، بۆیە ئامۆژگاریکردن کەڕۆژنامەنووسەکە دەبێت ئامێری زیادەی بۆ مۆبایلەکە ئامادە بکات، وەك ئامێرەکانی ڕووناکی، ستاند کەدەتوانێت مۆبایلەکە دابمەزرێنێت بۆ گرتنی دیمەنە جێگیرەکان بەڕووناکییەکی باش. سکۆت هۆشداریشیداوە کەپاتری تەلەفۆنەکان لەکاتی وێنەگرتندا دەتوانن تەواوبن، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئامێری بارگاویکردن بهێنن.

سکۆت بۆی دەرکەوت کە مۆبایلی زیرەك ڕێگەیەکی باشە بۆ ڕووماڵکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، ئەوەش وا دەکات ڕۆژنامەنووسەکە هەم وێنە و دەنگ بگەیەنێ، هەم گرتەی پۆست لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکاتەوە.www.journalism.co.uk

لەسەر شانۆی کۆنفرانسەکەدا، (جێف ڕۆت) ڕۆژنامەنووسی ئەمریکا هەستایە سەرپێ و ئایفۆنی ٦ ی خۆی بەئامادەبووان نیشانداو ئامۆژگاریکردن : کامێراو مایکرۆفۆنە زەبەلاحەکەو ئامێری ڕووناکی لەبیربکەن. ئەوە هەموو شتێکە کەپێویستە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بەتەنها بیکات.

(فۆکس نیوز)(**foxnews**) پشتی بەستووە بەدامەزراندنی وێستگەیەکی ناوخۆیی کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای ڕۆژنامەوانی مۆبایل دامەزراوە ژووری هەواڵی چالاك و پراکتیکی بۆ هاوتاکردنی ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەستۆدیۆیەکی باشدا، چونکە ئەو چەند ڕۆژنامەنووسەی لەدەرەوەی وڵات کاردەکەن، هەموو ئەرکەکان ئەنجام دەدەن، وەك: وێنەگرتن، تۆمارکردنی دەنگ، مۆنتاژکردن لەڕێگەی مۆجۆوە. چیرۆکەکە لەماوەیەکی کەمدا ئامادە دەبێت و دەبێت پەیامنێرەکە بینێرێ و لەوێستگەکە پەخش بکرێت.

کەناڵی جزیرەو (bbc-mbc-cnn-). و زۆربەی کەناڵە جیهانیەکان سودیان لەرۆژنامەگەریی مۆبایل وەرگرتووەو بەکاری ئەهێنن.

لەهەرێمی کوردستانیش کەناڵی ئاسمانی(rudaw-nrt) لەکەناڵە لەپێشینەکانن لەبەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەدا.

- **کامێرای زیرەك کاری کامێرای پێشکەوتووی تەلەفزیۆن دەکات**

ڕۆژنامەنووسی مۆبایل تواناکانی ئەو ئامێرانە بەرزبکاتەوە کەبەکاریدەهێنێت، جگە لەتەلەفۆن، بۆ باشترکردنی ئەدای زیاتر ڕادەسپێردریت بەبەکارهێنانی لێنزو یەکەی ڕووناکی باشترو مایکرۆفۆن یان مایکێکی گونجاوی تەلەفۆن بۆ دەنگی پاك بەکاربهێنیت، جگە لەهەڵاسانی ئیسفنجی کەمکردنەوەی دەنگی باو بارگاویکردنێکی زیادە بۆ بەکارهێنانی لەکاتی بارگاویبوونی پاتریەکەدا.

هەروەها پێشنیازدەکرێت کاتێك دەستکرا بەجێبەجێکردنی لەوێنەگرتنی بابەت و ڕووداوێك، یەکەمیان دڵنیابوون لەبارگاویکردنی مۆبایل و بوونی شوێنی پێویست لەیادەوەریدا ، لێنسی مۆبایلەکە پاکبکاتەوەو بۆئەوەی وێنەگرتنەکە لەحاڵەتی پەیوەندیکردن بەتەلەفۆن یان وەرگرتنی نامەنەوە

نەوەستێتو کاریگەریی دەنگ لەڕێگەی مایكو وێنەگرتنەوە بەشێوەیەکی ئاسۆیی مسۆگەر بکات، تەلەفۆنەکە بکاتە سەر باری فرۆکەوانی، ستاند بۆ جێگیرکردن بەکار بهێنێت.

## -لەداهاتوودا چی شوێنی مۆبایلە زیرەکەکان دەگرێتەوە

پێشبینی دەکرێت کەپێشکەوتنی تەکنەلۆجیاکانی وەك واقیعی مەجازیو واقیعی گەورەکراوو زیرەکی دەستکرد و ئەلیکترۆنییە لەبەرکراوەکان، دەبێتە هۆی دروستکردنی نەوەی نوێ لەئامێرەکان کەژیانی ڕۆژانەمان زۆر زیاتر لەوەی مۆبایلە زیرەکەکان کردویانە دەگۆڕێت..!!

جگە لەوەی لەئێستادا چەمکێکی نوێو داهێنانێکی نوێ لەبواری ئامادەکردنی هەواڵو راپۆرتدا هاتۆتە بوون ئەویش رۆژنامەوانی رۆبۆتییە (Robot journalism) هەر بۆیە هەندێك لەشارەزایان پێیانوایە رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا رۆبۆتەکان سەرجەم پنتە جیاوازەکانی کاری رۆژنامەوانی داگیر بکەن، بەتایبەتیش لەدوای کارپێکردنی نەوەی پێنجەمی ئینتەرنێت (٥G) کەبەخێراییەکی بێ هاوتا خزمەت بەهەموو بوارەکان دەکات.

**دەرئە نجام:**

١-هەواڵو زانیاریی‌و رووداوەکان رەگەزیی سەرەکی‌و گرنگن کەلەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵو دەزگاو میدیا فەرمی گەورەکانەوە گرنگی پیّ دەدریّت‌و لەرۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) وەردەگرنەوە. بەتایبەت لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکان گرنگی پیّدراوە بەتایبەتی لەهەواڵی رووداوە سیاسی‌و گۆرانکارییە جیهانییەکان.

٢- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) پیّویستە گرنگی بەناوەرۆکی هەواڵو زانیارییەکان بدات‌و بەهەستکردن بەلیّپرسراویەتی مامەڵەیان لەگەڵ بکات کەزیان بەکەس‌و بەژیانی تایبەتیان نەگەیەنیّت.

٣- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) توانیویەتی گۆرانکارییەکی گەورە لەبواری بەرهەمهیّنانی تەلەفزیۆنی لەرووی جۆری‌و کوالیّتی‌و خیّرایی‌و بەهۆی بەرزی ئاستی زانستی ئەپلەکەیشن‌و کاربەرنامەکانی مۆنتاژو دەنگ‌و ویّنەگرتن.

٤- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هەواڵو زانیاری بەبەرفراوانی سودیان لەو داهیّنان‌و پلاتفۆرم‌و ئەپلیکەیشنانە وەرگرتووە کەبۆ مەبەستی هەواڵو جۆرەکانی تری کاری میدیایی وەك: (ستۆری، راپۆرت، چاوپیّکەوتن، فیلمی دیکۆمینتاری، ریّپۆرتاژ...هتد)

٥- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) بەئاسانی دەتوانیّت سود لەو واڵە ئەلکترۆنیانە وەربگریّت بەمەبەستی پەخشی راستەوخۆی هەواڵو رووداو، لیّدوان‌و شیکاری‌و چاوپیّکەوتن.

٦- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) تارادەیەك توانیویەتی دەست بەسەر ستدیۆکانی هەواڵدا بگریّت لەهەندیّك کەناڵی جیهانی‌و جیّگەی ئەو ستافەو ئامیّرە قەبانە بگریّتەوە، بەڵام نابیّت ئەوە لەبیر بکەین کەلەرووی کوالیّتی‌و کامیّراو هەندیّك تەکنیکی وردەکاری ناتوانیّت بگاتەوە بەکاری ناو ستودیۆو کامیّرە کوالیّتییە بەرزەکان.

٧-رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) بۆتە هۆیەك بۆ بڵاوکردنەوەی (فیك نیوس) بەهۆی هەست نەکردن بەبەرپرساریّتی‌و باش بەکار نەهیّنانی‌و نەبوونی هۆشیاری رۆشنبیری‌و یاسایی.

٨- **میسداقیەتی ناوەڕۆکی پەیام: چۆن دڵنیابین لەوەی کە وێنەکان یاریان پێنەکراوە؟ دەتوانین متمانە بەزانیاری خەڵك بکەین؟ گرنگی متمانە لەدوای هەندێك لەڕووداوە جیهانییەکانو کارەساتە گەورەکانی وەك تسونامی لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ و هێرشەکانی لەندەن لەساڵی ٢٠٠٥ و ڕووداوەکانی لوبنان لەساڵی ٢٠٠٦دا، بەدەرکەوت.**

## راسپاردە:

**١- توێژەر داوا لەزانکۆو ناوەندەکانی خوێندن دەکات:**

**أ - توێژینەوەی زانستی لەسەر رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) لەهەموو لایەنەکانەوە ئەنجامبدرێت، چونکە بوارێکی نوێیە لەرۆژنامەگەری بەگشتیو رۆژنامەگەری کوردی بەتایبەتی.**

**ب- رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) وەك مەنهەجو وانە پەیمانگاو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بخوێنرێت.**

**٢-داوا لە سەنتەری توێژینەوەکانو زانـ ستیەکان دەکات، کەئەو سەر چاوانەی بەزمانی بیانی بەتایبەتیش بەزمانی ئینگلیزی نو سراوە، وەربگێرنە سەر زمانی کوردی، چونکە سەر چاوەی کەمە.**

## پێشنیاز:

**گرنگی بە رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) بدرێتو رێنماییو خاڵو پرسە ئیتیکیو پیشەییەکانی رۆژنامەنووسیان بۆ روون بکرێتەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەو دەزگایانەی کەمامەڵەیان لەگەڵ دەکەنو وەك سەرچاوەی هەواڵو زانیاری پشتیان پێ دەبەستن.**

**پێویستە رۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) بەشداری لەخولو وۆرکشۆپی تەکنەلۆژی بەتایبەتیش لەفێربوونو بەکارهێنانی ئەو بەرنامانەی کە بۆ رووماڵی هەواڵو زانیارییەکانو پەخشی راستەوخۆو وێنەگرتنو دەنگو روناکیو کامێراو مونتاژ بەکاردێت.**

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان


1) **نەژاد، م. ك. و صالح، م.، ٢٠٠١. *رۆژنامەگەری کوردی.* ٢ المحرر سلیمانبە: اسم غیر معروف**
2) **حبیب، ب. ا.، ٢٠٠٥. *زاراوە گەلی راگەیاندن.* هەولێر: لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کوردستان.**
3) **دۆسکی، ع. ئ. ت.، ٢٠٠٨. *رۆڵی بنەمای بەدرخانمیەکان لەگەشەپێدانو پێشخستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەری کوردیدا ١٩٣٢-١٩٤٦.* ١ المحرر هەولێر: نامەی دکتۆرا لەزانکۆی سەلاحەدین.**
4) **کەریمی، ب.، ٢٠٠٦. *بەرەو رۆژنامەی مۆدێرن.* هەولێر: دەزگای ئاراس.**
5) **مستەفا، گ. ر. و ریشاوی، ع. ی.، ٢٠٢٠. *میدیای نویٚ لەسایەی شۆرشی زانیارییەکاندا.* سلێمانیە: ؤری ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا.**
6) **ئەلدروبی، م.، ٢٠٠٦. *رۆژنامەگەریو رۆژنامەنووسی هاوچەرخ.* ١ المحرر سلێمانی: دەزگای سەردەم.**


### سەرچاوە عەرەبیەکان


1) ابراهيم، ا.، ٢٠٠٠. دراسات في الفن الصحفي. مركز *الاسكندرية*، المجلد مصر، p. ٩٥.
2) التوام، ا. ح.، ٢٠١٨ القاهرة. استخدام الصحفين المصريين للتطبيقات الهاتف المحمول واثرة علي ادائهم الصحفي. *المجلة العلمية لبحث الصحافة*، جمهورية *مصرية*، المجلد ١٣، pp. ٥٦١-٦٢٠.
3) الدين، م. ع.، ٢٠٠٠. *الصحافة في عصر المعلومات الاساسية والمستحدثات*. القاهرة: مطابع الاهرامات للنشر.
4) السنجري، ب. د.، ٢٠١٩. *صحافة الموبايل (موجو) خواصها المشكلية وامكانياتها التقنية*. ١ المحرر لبنان: الناشر دار الكتب الجامعي دولة الامارات العربية المتحدة-الجمهورية للبنانية.

٥) الشرقاوي، م.، ٢٠١٤. *فن الكتابة في زمن الدجيتال ميديا*. ١ المحرر القاهرة: وزارة الثقافة- العينة العامة لقصور الثقافية.
٦) الشميمري، ف. ب. ع.، ٢٠١٠. *التربية الاعلامية كيف نتعامل مع الاعلام*. ١ المحرر الرياض: فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر.
٧) جابر، ج. م. ا.، ٢٠١٦. *صحافة المحمول*. مسقط: يت الغشام لمصحافة والنشر والترجمة والاعلان.
٨) ديانا، ل. و منتصر، ا.، ٢٠٢٠. انتاج الفيديؤ لشبكات التواصل الاجتماعي. *معهد الجزيرة الاعلام*.
٩) رضوان، س. س. م.، ٢٠١٦. اعتماد الشباب الفلسطيني على صحافة الهاتف المحمول كمصدر لألخبار وقت ألزمات. مذكرة *لنيل شهادة الماجستير في الصحافة، كلية آلداب، جامعة االسالمية.)*.
١٠) شاهين، س. ي. م.، ٢٠١٧. صحافة المحمول و انعكاساتها عمى الممارسة اإلعالمية. حث *لنيل درجة الدكتوراه في عموم اإلتصال الصحافة والنشر*، جامعة *السودان قسم الصحافة والنشر*.
١١) شريف، ع.، ٢٠٠٢. *الاساليب الفنية في تحرير الصحفي*. ١ المحرر القاهرة: دار انباء الطابعة والنشر والتوزيع في القاهرة.
١٢) ضجة، ص. ا. ت. ا. و. ا. د.، ٢٠٢١. *موقع أعمال طلبة معهد الإعلام الأردني*. [متصل]
لاريا، م. و ديانا، م.، ٢٠١٧. دليل الهاتف المحمول. مركز *الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير*، قطر(مركز الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير)، p. ط١.
١٣) مكاوي، ح. ع.، ٢٠٠٨. *الاخبار الاذاعية وةالتلفزيونية*. مكان غير معروف:كتب غير منشورة.
١٤) هاملتون، م. ج. و ك. ج.، ٢٠٠٠. *صناعة الخبر في كواليس للصحف الامريكية*. ١ المحرر القاهرة: ترجمة احمد محمود،.
١٥) هيبة، م. م.، ٢٠٠٢. *الخبر الصحفي وتطبيقاتها*. مصر: مركز الاسكندرية.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

١) Taylor، A. ,.. J.، ٢٠٠٥. An SMS History. Computer Supported Cooperative Work series. ٧٤ .p.
٢) Available at Taylo: www.jmijournalists.com